# گروپ B ستریپتۆکۆکس

## زانیاری بۆ ئافرەتی دووگیان

ئامانج لە زانیارییەکانی ئەم نامیلکەیە بریتییە لە ئامادەکردنی زانیاری سەبارەت بە هەبوونی جۆرێک لە هەوکردنی بەکتریای لە کاتی دووگیانیدا دەردەکەوێت و کە بە ستریپتۆککس گروپ B سترێپ ناسراوە (گروپ B سترێپstreptococcus ) – هەروەها بە 'گروپ B سترێپ' یان 'GBS ' ناسراوە. ئێمە لەم نامیلکەیەدا بە بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ ناوی دەبەین.

ئەم نامیلکەیە بەشێوەیەکی تێروتەسەل هەوکردنی گروپ B سترێپ ڕوون دەکاتەوە هاوکات ئەگەری چۆنیەتی کاریگەری ئەم جۆری بەکتریایە لە کاتی دووگیانی و لەدایک بوونی منداڵەکە بە تەواوەتی ڕوون دەکاتەوە هەروەها زانیاری دەدات سەبارەت بە ئەو بڕیارانەی کە تۆ هەڵیان دەبژێریت.

## خاڵە سەرەکییەکان

- گروپ B سترێپ یەکێکە لە گەلێک جۆری بەکتریا کە بە شێوەیەکی ئاسایی لە لەشی ئێمەدا دەژی و بەشێوەیەکی ئاسایی نابێتە هۆی بەرپاکردنی زیان بە مرۆڤ.
- پشکنینی گروپ B سترێپ بە شێوەیەکی ڕۆتینی و ئاسایی بۆ ئافرەتی دووگیان ئەنجام نادرێت لە وڵاتی شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا.
- ئەگەر تۆ هەڵگری هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ بویت، لە زۆربەی کاتەکاندا منداڵەکەی تۆ بەشێوەیەکی سەلامەت لەدایک دەبێت ومنداڵەکە توشی هیچ هەوکردنێک نابێت.
- لەهەمان کاتدا، لەوانەیە ئەم جۆرە هەوکردنە ببێتە هۆی دروست بوونی هەوکردنی مەترسیدار وەکوو گەنینی خوێن، هەوکردنی سییەکان یان هەوکردنی پەردەکان.
- زۆرینەی زۆری هەوکردنەکانی گروپ B سترێپ کە لە سەرەتادا پێی بزانرێت دەکرێت ڕێگری لێبکرێت.
- ئەگەر هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ لە میزەکەتدا، لە ناو دامێن یان لەناو کۆمدا (ڕیخۆڵەدا) بەدیکرا لەماوەی دووگیانییەکەتدا، یان ئەگەر تۆ پێشتر منداڵەکەت کاریگەر بوبێت بە هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ، ئەوا ئەو کاتە تۆ دەبێت بژاردەی دژەبەکتریات بۆ پێشنیار بکرێت لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکەدا بۆ کەمکردنەوەی گواستنەوەی مەترسی کەمی ئەم جۆرە هەوکردنە بۆ منداڵەکەت.
- ئەگەر تۆ هەڵگری بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ بیت لە دووگیانیەکانی دیکەدا ئەوا ئەو کاتە بژاردەی پێشنیار کردنی پشکنین لەکاتی دووگیانی یان پێشنیار کردنی دژەبەکتریا لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکدا بۆ دەکرێت.
- مەترسی ئەوەی کە منداڵەکەی تۆ نەخۆش بکەوێت لەگەڵ بوونی هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ کاتێک زیاد دەکات ئەگەر منداڵەکەی تۆ بە نەبەکامی و لەپێش کاتی خۆی لەدایک بێت، یان ئەگەر تۆ پلەی گەرماکەت بەرز بێت لەکاتی منداڵبووندا، یان ئەگەر تۆ سەرئاوەکەت شکا پێش ئەوەی کە تۆ ژان بتگرێت و منداڵەکەت لەدایک بێت.
- ئەگەر منداڵە تازەکەی تۆ نیشانەکانی هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ ی تێدا بەدیکرا، ئەو کاتە دەبێت دەستبەجێ چارەسەر بکرێت بە چارەسەری دژەبەکتریا.

## منداڵبوونی خۆت، بە ویستی خۆتە

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە یان خەمی هەر شتێکتە، تکایە لەگەڵ دوکتۆر یان مامانەکەت قسە بکە. ئێمە ئامادەین پشتگیریت بکەین و زانین و دانایی و زانیاریت بۆ فەراهەم بکەین بۆئەوەی بتوانیت باشترین بڕیار بدەیت و باشترین ڕێگە بۆ خۆت، کۆرپەکەت و خێزانەکەت دەستەبژێر بکەیت.

بۆ پشتگیریکردنت بۆ بڕیاردان، تۆ دەتوانیت بە سێ پرسیار لە ئێمە دەست پێ بکەیت:

- ئایا بژاردەکانی من چین؟

- ئایا تان و پۆی هەر یەک لە بژاردەکان بۆ من چییە؟
- ئایا من چۆن دەتوانم پشتگیری بەدەست بهێنم بۆ یارمەتیدانم بۆ گەیشتنە بریاریک کە بۆ من ڕاست و دروست بێت؟

ئەگەر هەر پرسیارێکی زیاترت هەبوو، تکایە لە پرسیارکردن لە ئێمە دوودڵ مەبە.لەوانەیە کە ئەمە کارێکی بەسوود بێت بەوەی کە ئەگەر تۆ هەر پرسیارێکت هەبوو لەلای خۆت بینوسیت و لەگەڵ خۆت بیهێنیت بۆ وادەکانت.

## سەرەتا

هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ جۆرێکە لە بەکتریا کە لە ڕیخۆڵەدا دروست دەبێت و زۆر بەکەمی دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشە لەدەرەوەی دووگیانیدا لە ئافرەتانی لەش ساغ و تەندروستدا.

لە هەر 10 ئافرەتێک 4 ئافرەت لەوانەیە هەڵگری هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ بێت کە هیچ نیشانەیەکیان نییە بەڵگەکانی ئێستا پشتگیری ئەوە ناکەن کە پشکنینی ڕۆتینی بکرێت بۆ ئافرەتی دووگیان بە مەبەستی دیاری کردنی هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ.

ئەگەر تۆ هەڵگری هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ بویت و تۆ دووگیان بویت، لە زۆربەی کاتەکاندا منداڵەکەی تۆ بەشێوەیەکی سەلامەت لەدایک دەبێت و ئەو توشی هیچ جۆرە هەوکردنێک نابێت. لەهەمان کاتدا، بەشێوەیەکی زۆر کەم هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ لەوانەیە بە شێوەیەکی زۆر کەم ببێتە هۆی دروست بوونی هەوکردنی مەترسیدار لە منداڵدا، کە ناسراوە بە هەوکردنی بەکتریایی ساوایی سەرەتای جۆری گروپ B سترێپتۆکۆکاڵ کە کورتکراوەکەی بریتییە لە (EOGBS). ئەوە سەلمێنراوە کە ئەم هەوکردنە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەوکردنی ساوایی وەکوو گەنینی خوێن، هەوکردنی سییەکان یان هەوکردنی پەردەکان، لە نێوان (1 لە 500) 1 -2٪ واتە یەک منداڵ لە هەر 500 منداڵدا کە لەدایک دەبێت لە وڵاتی ئیرلەندا و شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا. ئەگەر ئەمە ڕویدا، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی لە ماوەی حەوتەم ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکەدا ڕوودەدات، بەڵام هەندێک جار لەوانەیە لەدواتریشدا ڕووبدات.

لەبەرئەوەی کە هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ بە شێوەیەکی ئاسایی بەکتریا بەرهەم دەهێنێت، ئافرەت لەوانەیە کە هەڵگری ئەم جۆرە بەکتریایە بێت یان هەڵگر نەبێت لەناو دامێنیدا بە درێژایی دووگیانییەکە.

## چی ڕوودەدات ئەگەر من هەڵگری هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ بووم لە دووگیانی پێشوتردا؟

ئەگە رتۆ هەڵگری گروپ **B** سترێپ بویت لە دووگیانی پێشوتردا، ئەوا ئەگەری 50% هەیە کە تۆ دووبارە توشی ئەم هەوکردنە ببیتەوە لەم دووگیانیەتدا. تۆ دەتوانیت کە داوای پشکنین بکەیت بۆ ئەوەی کە بزانیت کە ئایا تۆ هێشتا هەڵگری ئەم جۆرە بەکتریایەت/ یان ئەوەی ئەوەی کە تەنها تۆ بژاردەی دژە بەکتریا هەڵبژێریت لەکاتی لەدایک بوونی منداڵەکەدا.

## چۆن هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B سترێپ دیاری دەکرێت؟

هەڵبەتە چەند ڕێگایەک هەیە بۆ دیاری کردنی ئەم هەوکردنە:

- تۆ لەوانەیە پێشتر ئەوە بزانیت کە تۆ هەڵگری هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ **B** سترێپ ت لە دوو گیانی پێشووتردا یان ئەگەر ئەوەی کە منداڵەکەت کاریگەر بوبێت بە هەوکردنی بەکتریایی ساوایی کە ناسراو بە **EOGBS.** هەڵبەتە ئەگەری نیوە بە نیوە واتە لە هەر 2 ئافرەتێك 1 ئافرەت واتە (ئەگەری 50%) هەیە کە بەهەمان شێوە تۆ توشی هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ **B** سترێپ بیت ئەگەر تۆ پێشتر پشکنینەکەت ئەرێنی بوبێت. لەهەمان کاتدا، لەوانەیە، تۆ پێویست بکات کە دووبارە پشکنینت بۆ ئەنجام بدرێتەوە لەم دووگیانیەتدا لەبەرئەوەی کە ئەگەری 50% هەیە کە تۆ هەڵگری هەوکردنی جۆری گروپ **B** سترێپ نەبیت.
- تۆ لەوانەیە کە پشکنینی میز یان پێداهێنانی دامێنت ئەنجام دابێت لەم دووگیانیەتدا و دەرکەوتبێت تۆ هەڵگری هەوکردنی جۆری گروپ **B** سترێپ یت.

## هەوکردنی جۆری گرووپ B ستریپ مانای چییە و چی دەگەیەنێت لە کاتی دووگیانی و لەدایک بوونی منداڵەکەدا؟

تۆ بژاردەی دژە بەکتریات بۆ پێشنیار دەکرێت لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکەدا ئەگەر:

- هەوکردنی جۆری گروپ B ستریپ لەهەریەکێک لە دووگیانییەکانی پێشوتردا بەدی کرا بێت
- منداڵەکەی پێشوترت توشی هەوکردنی سەرەتایی ساوایی یان هەوکردنی دواتری جۆری گروپ B ستریپ بوبێت
- مامانی تۆ یان پزیشکی تۆ ئاگادارت دەکاتەوە لەوەی کە تۆ هەوکردنی کۆئەندامی میزەڕۆی بەکتریای جۆری گروپ B ستریپت هەیە یان ئەنجامی ئەرێنی پێداهێنانی دامێن یان کۆم ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە
- ئەگەر تۆ هەڵگری هەوکردنی جۆری گروپ B ستریپ بیت و سەر ئاوی تۆ بشکێت لە (37 هەفتەی دووگیانیتدا)
- ئەگەر لەدایک بوونی منداڵەکەت کەوتە پێش هەفتەی 37، بە بێ گوێدان بەوەی کە تۆ هەڵگری هەوکردنی گروپ B ستریپیت یان نا
- هەڵبەتە چارەسەری دژە بەکتریا پێشنیار دەکرێت بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە پشکنینیان بۆ ئەنجام دراوە و دەرکەوتووە کە هەڵگری هەوکردنی بەکتریایی جۆری گروپ B ستریپن. هۆکاری ئەم بابەتە ئەوەیە، لە کاتێکدا کە تەنها ژمارەیەکی کەمی منداڵان بە شێوەیەکی زۆر خراپ تووش دەبن، لەبەرئەوە کارێکی زۆر زەحمەتە بۆ ئێمە کە بزانین چ منداڵێک تووش بووە بۆیە لەبەرئەمە پێویستە بژاردەی دژەبەکتریا پێشنیار بکەین لە کاتی منداڵبوون بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە هەڵگری بەکتریان.

ئەوە زۆر گرنگە کە تێبینی بکرێت لەوەی کە هەموو منداڵێک توشی هەوکردن نابێت، لەبەرئەوە بژاردەی دژەبەکتریا تەنها ڕێکارێکی وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەیە.

**تکایە ئاگادار بە:**

- ئەگەر تۆ هەوکردنی جۆری گروپ B ستریپ هەیە و پشت ڕاست کراوەتەوە لە ڕێگەی پێداهێنانی دامێنەوە، ئەوا تۆ پێویستیت بە چارەسەر نییە لەو کاتەی کە دیاری دەکرێت و تۆ بژاردەی دژەبەکتریات بۆ پێشنیار دەکرێت تەنها لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکەدا.
- لەهەمان کاتدا، ئەگەر تۆ هەوکردنی جۆری گروپ B ستریپت هەیە و پشت ڕاست کراوەتەوە لە ڕێگەی کۆئەندامی میزەوە لە هەر قۆناغێکی دووگیانیەکەی تۆ، ئێمە بژاردەی دژە بەکتریا بۆ تۆ پێشنیار دەکەین لە کاتی دووگیانی تۆدا، بەهەمان شێوە ئێمە بژاردەی دژە بەکتریا بۆ تۆ پێشنیار دەکەین لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکەدا.

دژە بەکتریا لە کاتی لەدایک بوونی منداڵ بەشێوەیەکی ئاسایی مانای لەدایک بوونی منداڵ دێت لە نەخۆشخانە یان لە قاوشی لەدایک بونی منداڵ یاخود لە وێستگەی هاوشانی یەکەی لەدایک بوونی منداڵ. ئەمەش لەبەر پێویستی هەندێک دەزگا کە پێویستە بۆ چارەسەری دڵۆپە (لە ڕێگەی دەمار). تۆ لەگەڵ مامانی خۆت یان پزیشک قسە بکە ئەگەر تۆ خوازیاریت کە لە ماڵەوە منداڵەکەت لەدایک بێت یان لەناو وێستگەی هاوشانی یەکەی لەدایک بوونی منداڵ وەکوو بنکەی لەدایکبوونی ئێدجوێر (Edgware)

## ئایا دەکرێت کە بەکارهێنانی دژەبەکتریا لەکاتی لەدایک بوونی منداڵدا هیچ زیانێکی هەبێت؟

لەوانەیە هەندێک ئافرەت توشی کاردانەوەی لاوەکی بێت وەکوو هەست کردن بە ڕشانەوە یاخود توش بوون بە سکچوون. ئافرەت لەوانەیە کە هەستیاری هەبێت بە هەندێک دژە بەکتریا و لە هەندێک کەیسی زۆر دەگمەندا کاردانەوەکە لەوانەیە کە زۆر کاریگەر بێت و مەترسی لەسەر ژیان دروست بکات (anaphylaxis). لەبەرئەوەیە کە دژەبەکتریا پێشنیار ناکرێت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوە منداڵەکانیان لەدایک دەبن یان لە لەناو وێستگەی هاوشانی یەکەی لەدایک بوونی منداڵ. کارمەندی تەندروستی پیشەیی ئاگادار بکەرەوە ئەگەر تۆ دەزانیت کە هەر هەستیارییەکت هەیە بە دژە بەکتریای پەنسلین یان هەر دەرمانێکی دیکە.

مامانی تۆ یاخود پزیشک مەترسی و باشییەکانی بەکارهێنانی دژەبەکتریا لەگەڵ تۆ گفتوگۆ دەکات لەکاتی لەدایک بوونی منداڵەکە بۆ ڕێگری کردن لە تووش بوونی منداڵەکەت بە هەوکردنی سەرەتای ساوایی **گروپ** B **ستریپ**.

هەموو منداڵان بە دڵنیاییەوە چاودێری دەکرێن لەدوای لەدایک بوون. ئەگەر هەر منداڵێک لەبەردەم مەترسی زۆردا بێت بە تووش بوون بە هەوکردنی EOGBS، ئەوا ئەوان چاودێری ورد دەکرێت (لە ڕووی سەرپەرشتی کردنی پلەی گەرما، لێدانی دڵ و ڕێژەی هەناسەدان) هەموو کاتژمێریک بۆ دوو کاتژمێری یەکەم، پاشان هەموو دوو کاتژمێرێک هەتا منداڵەکە تەمەنی دەبێتە 12 کاتژمێر.

ئەم سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردنانە دەکرێت لە نەخۆشخانە یان لە یەکەی لەدایک بوونی منداڵ ئەنجام بدرێت. ئەم چاودێری کردنانە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت لە ماڵەوە بۆ ماوەی 12 کاتژمێر. تۆ بەهەمان شێوە زانیاریت پێدەدرێت سەبارەت بەو نیشانە گرنگانەی کە دەکرێت وریا بیت و ئاگاداریان بیت، وەکوو پێدانی زانیاری دەربارەی نیشانە گرنگەکانی هەوکردنی گروپ B سترێپ ( بڕوانە بڕگەی منداڵ).

**ئایا هەوکردنی جۆری گروپ B سترێپ کاریگەری دەبێت لەسەر من لەکاتی دووگیانی و منداڵبووندا؟**

ئافرەت لەوانەیە کە هەستیاری هەبێت بە هەندێک دژە بەکتریا و لە هەندێک کەیسی زۆر دەگمەندا کاردانەوەکە لەوانەیە کە زۆر کاریگەر بێت و مەترسی لەسەر ژیان دروست بکات (anaphylaxis). لەبەرئەوەیە کە دژەبەکتریا پێشنیار ناکرێت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوە منداڵەکانیان لەدایک دەبن یان لە لەناو وێستگەی هاوشانی یەکەی لەدایک بوونی منداڵ.

لەبەرئەوەی چارەسەری دژە بەکتریا ئەنجام دەدرێت ( لە ڕێگەی بۆریەکەوە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەماری تۆ) تۆ پێویستە لە بنکەکانی نەخۆشخانە بیت، یان لە یەکێک لە وێستگەکانی هاوشانی یەکەی لەدایک بوونی منداڵ لە ناوهۆڵی لەدایک بوونی منداڵ لەلای ئێمە، ئەگەر تۆ بژاردەی بەکارهێنانی دژە بەکتریات هەڵبژارد لە ماوەی ژان گرتن و لەدایک بوونی منداڵەکە. ئەگەر تۆ هەوکردنی گروپ B سترێپ ت هەبێت و بژاردەی دژە بەکتریات هەڵبژارد، ئەوا ئەو کاتە تۆ دەتوانیت منداڵت ببێت لە ناو گەرماو یان لەناو ئاو لە کاتی منداڵبووندا.

ئەگەرتۆ نیگەرانی سەبارەت بە ئەنجامی گروپ B سترێپ و بەهەمان شێوە نیگەرانی سەبارەت بەوەی کە ئەم بابەتە چۆن کاریگەری دەبێت لەسەر منداڵی تۆ، ئەوا تکایە دوودڵ مەبە لەوەی کە قسە بکەی لەگەڵ مامانی خۆت یان دکتۆر سەبارەت بەم بابەتە.

**ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە یان هیچ شتێکی دیکە هەیە کە بوونی گروپ B سترێپ کاریگەری دابنێت لەسەر دووگیانی و لەدایک بوونی منداڵ؟**

- تۆ دەتوانیت ئەگەر خوازیاربیت کە پشکنینی ناودامێن یان دەست خستنە ناو دامێن یان هەر جۆرە ڕێکارێکی دیکەی تایبەت بە لەدایک بوونی منداڵ ئەنجام بدەیت ئەگەر تۆ هەڵگری هەوکردنی جۆری گروپ B سترێپ بیت.
- ئەگەر تۆ هەڵگری ناسراوی هەوکردنی بەکتریای گروپ B سترێپ بیت و ژانی گەورەی منداڵ بوون دەستی پێکرد یان ئەگەر بەشێوەی دەستکرد ژانت بۆ ساز کرا، لەهەردوو بارودۆخدا تۆ پێشنیاری دژەبەکتریات بۆ دەکرێت لە ڕێگەی دەمارەوە بەدرێژایی ماوی منداڵ لەدایک بوونەکە.
- ئەگەر منداڵەکەی تۆ پێش وادەی خۆی لەدایک بوو، ئەوا واباشترە کە دژە بەکتریا بەکاربهێنرێت لە کاتی منداڵ لەدایک بوون لەبەرئەوەی کە منداڵەکە لەبەردەم مەترسی گەورەی هەوکردن دەبێت. لەبەرئەوەی کە هەوکردن یەکێکە لە هەرە هۆکارە باوەکانی منداڵ لەدایک بوون لە پێش وادەی خۆیدا، پاشان گروپ B سترێپ یەکێکە لە هەرە هۆکارە باوەکانی بەکتریا کە پەیوەندی بەم هەوکردنەوە هەیە.
- ئەگەر سەرئاوەکەی تۆ شکا پێش وادەی 37 هەفتەیی ئەوا ئەو کاتە پێویست ناکات کە پشکنین ئەنجام بدەیت بۆ گروپ B سترێپstrep. لەهەمان کاتدا، بژاردەی دژەبەکتریات بۆ پێشنیار دەکرێت هەرکاتێک وادەی لەدایک بوونی منداڵەکە دەستی پێکرد (جا ئەگەر منداڵ بوونەکە بە ژانی ئاسایی بوو یان دەستکرد).
- پاش تێپەڕبوونی37 هەفتە، ئەگەر سەرئاوەکەی تۆ شکا بۆ ماوەی زیاتر لە 18 کاتژمێر، ئەوا ئەو کاتە پێشنیاری چارەسەری دژە بەکتریا بۆ تۆ دەکرێت، لەبەرئەوەی کە ئەم سەرئاو سکانە هۆکاری دروست بوونی مەترسییە بۆ گروپ B سترێپ.
- ئەگەر تۆ پلانی دەرهێنانی منداڵت بۆ ساز کرابوو لەکاتی تەواوەتی خۆیدا یان پێش وادەی خۆی، لەکاتێکدا کە تۆ توشی ژانی منداڵ بوون نەبویت و سەرئاوەکەت نەشکاوە، ئەوا لەو کاتەدا دژە بەکتریا بۆ گروپ B سترێپ پێویست ناکات.

ئەوە زۆرگرنگە کە تێبینی بکرێت ئەگەر تۆ بریاری بەکارهێنانی دژەبەکتریات داوە لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکە، ئەوا واباشتر و گونجاوترە کە پێش 4 کاتژمێر پێش هاتنەدەرەوەی منداڵەکە دژەبەکتریاکە بەکاربهێنرێت، بەدرێژایی ماوەی منداڵ بوونەکە.

## چ شتێک ڕوودەدات دوابەدوای لەدایک بوونی منداڵەکەم؟ ئەگەر من دژە بەکتریام بەکارهێنابێت بەدرێژایی ماوەی منداڵ بوونەکە؟

ئەگەر تۆ بەلایەنی کەمەوە چوار کاتژمێر پێش لەدایک بوونی منداڵەکە دژە بەکتریات بۆ بەکارهێنرا، ئەوا ئەو کاتە پێویست ناکات منداڵەکەت هیچ جۆرە چاودێرییەکی زیاتر بکرێت. ئەگەر دژە بەکتریاکە کەمتر لە 4 کاتژمێر پێش وادەی لەدایک بوونی منداڵەکە بەکارهێنرابوو، پزیشکی پسپۆڕی بواری منداڵان (پزیشکی منداڵان) لەوانەیە ئەوە بخوازێت کە چاودێری بارودۆخی منداڵەکەت بکرێت بۆ ماوەی 12 کاتژمێردوای لەدایکبوونەکە.

### نیشانەکانی هەوکردنی بەکتریای جۆری گروپ B ستریپ چییە بۆ سەر منداڵەکەم؟

زۆربەی منداڵان کە توشی بەکتریای جۆری **گروپ** B **ستریپ** دەبن ناساخ دەبن و نەخۆش دەکەون لە هەفتەی یەکەمی لەدایک بوونی منداڵەکە (کە ناسراوە بە هەوکردنی سەرەتایی ساوایی هەوکردنی GBS)، کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە ماوەی 24-12 کاتژمێرەکانی دوای منداڵ بوون دروست دەبێت. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم هەوکردنە کەم ڕوودەدات، بەڵام هەوکردنی ساوایی لەدواتری **گروپ** B **ستریپ** لەوانەیە کاریگەری لەسەر منداڵەکەت هەبێت هەتا ئەو کاتەی کە منداڵەکە تەمەنی دەبێتە سێ مانگ. پێدانی دژە بەکتریا لە کاتی لەدایک بوونی منداڵەکدا ڕێگری ناکات لە دروست بوونی هەوکردنی ساوایی لەدواتری گروپ **B** ستریپ.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە هەوکردنی ساوایی لەدواتری گروپ B ستریپ دەکرێت بەردەست بێت لەم لینکەی خوارەوە:
[www.gbss.org.uk/infection](http://www.gbss.org.uk/infection)

ئەو منداڵانەی کە هەوکردنی سەرەتای ساوایی جۆری گروپ B ستریپیان هەیە لەوانەیە ئەم جۆرە نیشانانەیان تێدا هەبێت:

- دەنگ زبری، هەناسەدانی دەنگەدەنگەکەر، لوراندن، وا دەردەکەوێت کە هەناسەدانی ئەو زەحمەتە بێت کاتێک کە تۆ سەیری سنگی منداڵەکە یان سکی منداڵەکە دەکەیت، یان ئەوەی کە منداڵەکە بە هیچ شێوەیەک هەناسە نادات.
- منداڵەکە زۆر خەواڵوو دەبێت/ یان وەڵامی نابێت
- زۆر بە بەردەوامی و بەکوڵ دەگری
- بەشێوەیەکی نائاسایی شل و کوت دەبێت
- منداڵەکە بە باشی شیر ناخوات یان بە باشی شیرەکە ناچێتە خوارەوە
- ڕێژەی شەکری دادەبەزێت
- منداڵەکە یان پلەی گەرماکەی بەرز دەبێتەوە یان دادەبەزێت/ یان ئەوەی کە پێستی منداڵەکە زۆر گەرم یان زۆر سارد دەبێت کە دەستی لێ دەدەیت
- ڕەنگی پێستی گۆڕانکاری بەسەردا دێت (لەناویاندا کاردانەوەی پێست)
- لێدانی دڵی منداڵەکە بەشێوەیەکی نائاسایی بەرز دەبێتەوە یان نزم دەبێتەوە یان هەناسەدانی
- پەستانی خوێنی نزم دەبێتەوە*

*بە پشکنین یەکلا دەبێتەوە و دیاری دەکرێت لە نەخۆشخانە

ئەگەر تۆ تێبینی هەریەکێک لەم نیشانانەت کرد یان نیگەران بویت سەبارەت بە منداڵەکەت، ئەوا پێویستە بە شێوەیەکی دەست بەجێ پەیوەندی بکەیت کارمەندی تەندروستی پیشەیی خۆت و باسی هەوکردنی گروپ B ستریپ بکەیت و ئاگاداریان بکەیت. ئەگەر منداڵەکەی تۆ هەوکردنی گروپ B ستریپی هەبوو، ئەوا دیاری کردنی سەرەتا و چارەسەر زۆر گرنگە لەبەرئەوەی کە هەر جۆرە درەنگ خستنێک لەوانەیە زۆر مەترسیدار بێت یان تەنانەت ببێتە هۆی مردن و لەدەست دانی منداڵ.

## ئایا من دەتوانم شیر پێدانی سروشتی بدەم بە منداڵەکەم ئەگەر من هەوکردنی جۆری گروپ B سترێپم هەبوو

بەڵێ. هەوکردنی جۆری گروپ B سترێپ پێناچێت کە هیچ جۆرە کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر شیر پێدانی سروشتی، شیر پێدانی سروشتی زۆر گرنگ و سوود بەخشە بۆ خۆت و منداڵەکە.
بۆ هاوکاری وەرگرتن سەبارەت بە شیرپێدانی سروشتی بروانە ئەم لینکە
[www.royalfree.nhs.uk/services/services-a-z/maternity-services/feeding-your-baby](www.royalfree.nhs.uk/services/services-a-z/maternity-services/feeding-your-baby)

## ئەگەر پرسیاری دیکەم هەبوو، پرسیار لە کێ بکەم؟

ئەگەر تۆ هەر پرسیارگەلێکت هەبوو دەربارەی بەکتریای جۆری گروپ B سترێپ لە کاتی دووگیانیدا، تکایە قسە لەگەڵ پزیشک یان مامانی خۆت بکە.

## زانیاری زیاتر

بۆ دەست کەوتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە خزمەتگوزاری لەدایک بوونی منداڵ لە نەخۆشخانەی ڕۆیاڵی خۆڕایی لەندەن، تکایە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
[www.royalfree.nhs.uk/maternity](www.royalfree.nhs.uk/maternity)

## سەرنجی تۆ سەبارەت بەم نامیلکەیە

ئەگەر تۆ هەر سەرنجێکت هەیە سەبارەت بەم نامیلکەیە یان بۆ گەڕانەوە بۆ زنجیرەکانی. ئەوا تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ:
rf.communications@nhs.net

## باسی سەرپەرشتی خۆتمان بۆ بکە

ئەگەر تۆ هەر سەرنجێکت هەیە لەسەر بارودۆخی سەرپەرشتی خۆت یان هەر ئەزمونێکت هەیە لە نەخۆشخانەی ڕۆیاڵی خۆڕایی لەندەن، تکایە ئیمەیڵ بکە بۆ سەرۆکی هاوبەشی دەنگەکانی بەشی ژنان و منداڵ بوون (MVP):
royalfreematernityvoices@gmail.com

## سوپاس و پێزانین

دەستکاری کراوە بە ڕەزامەندی وەرگرتن لە بەشی ژنان و منداڵ بوون و نەخۆشییەکانی ژنانی نەخۆشخانەی شاهانەی کۆلیج و هەوکردنی جۆری گروپ B سترێپتۆکۆکس (GBS) لە کاتی دووگیانیدا
وەرگیراوە لە کۆلێژی شاهانەی تایبەت بە منداڵبوون و نەخۆشی ژنانە. زانیاری سەبارەت بە نەخۆش و منداڵی تازە لەدایک بوو
London: RCOG; December 2017.

## شێوازی دیکە

ئەم بڵاوکە هەروەها بە چاپی گەورە و چەندین زمانی دیکەش بەردەستە. ئەگەر ئەم نامیلکەیەت بە شێوازی دیکەی نوسین دەوێت بۆ نموونە بە شێوەی برەیل، یان بە زمانێکی دیکە جگە لە زمانی ئینگلیزی یان بەشێوەی دەنگی- ئەوا تکایە قسە بکە لەگەڵ کارمەندان لەم بارەیەوە.

Royal Free London NHS Foundation Trust ©
خزمەتگوزاری: دایکایەتی
ژمارەی وەشان: 1
ڕێکەوتی ڕێگەپێدان: مارس (ئازار) 2021
ڕێکەوتی پێداچوونەوە: مارس (ئازار) 2023
www.royalfree.nhs.uk

Royal Free London (Mar 2021) *Group B Streptococcus in pregnancy* Version 1. London: RFL